# زۆرێک لە ئافرەتان هاتن بۆ لای خێزانەکانی موحەمەد سکاڵا دەکەن سەبارەت بە مێردەکانیان، ئەو (مێردانە) لە باشترینەکانی ئێوە نین

لە ئیاسی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەبی زیبابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «لە ئافرەتان مەدەن». عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- ووتی: ئافرەتان سەرکێشی دەکەن وگوێڕایەڵی مێردەکانیان نین، ئەویش ڕوخسەتی دا بە لێدانیان، زۆرێک لە ئافرەتان هاتن بۆ لای خێزانەکانی موحەمەد سکاڵا دەکەن سەبارەت بە مێردەکانیان، پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: «زۆرێک لە ئافرەتان هاتن بۆ لای خێزانەکانی موحەمەد سکاڵا دەکەن سەبارەت بە مێردەکانیان، ئەو (مێردانە) لە باشترینەکانی ئێوە نین».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێراویەتیەوە - ئیبنوداود گێراویەتیەوە - دارەمی گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- نەهی کردووە لە لێدانی ئافرەتان، عومەڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- هات و بە پێغەمبەری ووت -صلی اللە علیە وسلم-: ئافرەتان سەرکێشی دەکەن وگوێڕایەڵی مێردەکانیان نین، ئەویش -صلی اللە علیە وسلم- ڕوخسەتی دا بە لێدانیان، لێدانێک تەنها بۆ پەروەردە کردن بێت نەک بۆ ئازاردان بێت ئەگەر هۆکارەکان هاتە دی وەکو سەرکێشی کردن وگوێڕایەڵی نەکردن وهاوشێوەکانیان، زۆرێک لە ئافرەتان هاتن بۆ لای خێزانەکانی پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- سکاڵایان دەکرد سەبارەت بەوەی مێردەکانیان لێیان دەدەن بە لێدانی زۆر ئازاردەر، پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: ئەو پیاوانەی لە ئافرەتان دەدەن بە لێدانێکی زۆر ئازاردەر لە باشترین پیاوەکانی ئێوە نین، بۆیە خودا لێدانی بە کۆتا قۆناغ داناوە بەرامبەر سەرکێشی کردن وگوێڕایەڵی نەکردنی ئافرەتان، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّ} [النساء: 34] واتە: {وە ئەو ئافرەتانەش کە ئێوە دەترسن سەرپێچیتان بکەن ئەوا ئامۆژگاریان بکەن و جێگەیان لێ جیابکەنەوە (و لەگەڵیان مەخەون) وە لێیان بدەن بە (سوکی بە شێوەیەک کە لاشەی عەیبدار نەکات وئازاری زۆر پێنەگات)}. ئەم سێ قۆناغە بۆ ڕیزبەندیە نەک بۆ کۆکردنەوە وجێبەجێکردنی هەموویان بێت لە یەک کاتدا، سەرەتا بە ئامۆژگاری کردن دەستپێدەکات وپاشان بە بیرهێناوە، ئەگەر سوودیان هەبوو الحمد للە، وئەگەر جێهێشتن لەسەر جێگاش سوودی نەبوو، ئەوا دەبێت بە لێدانێک لێی بدات بۆئەوەی پەروەردەی بکات و وانە وەربگرێت ومەبەست لە لێدانەکە ئازارپێگەیاندن وعەیبدارکردن نییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5821

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee